# شەونم

هۆنراوەی (62)

چو برشکست صبا زلف عنبرافشانش

سەبا وەتا خولی دا پەرچەمی پەرێشانی
لە دەردی هەرکەسێ دەدرێ دەبێتە دەرمانی
لە کوێ یە هاونەفەسێ بۆی وەگێڕمەوە کە دڵم
چ مەینەتێکی دەکێشێ لە رۆژی هیجرانی
بەیانە قاسیدەکەی کاغەزی وەفای دا دۆست
لە خوێنی چاوی مە بوو خەتت و مۆر و عینوانی
زەمانە گەر لە پەڕی گوڵ میسالی تۆی کێشا
لە شەرمی رووتەوە بوو هۆی لە خونچەدامانی
سنووری مڵکی ئەوین نادیارە تۆ خەوتووی
خودا حەقە نیە ئەو رێگە دوورە پایانی
جەماڵی کەعبە لە یاران مەگەر بخوازێ عوزر
کە عاشقان هەموو سووتان لە رێی بیابانی
هەواڵی یۆسفی دڵ بۆ خەمینی خانی حەزین
کێ ئاخۆ دێنێ لە چاڵایی ئەو چەنەی جوانی
وەدەس ئەخەم سەری زولفی وەدەستی خواجەی ئەدەم
کە دادی من بستێنێ لە دەستی دەستانی
بەری بەیان لە چەمەن گوێم لە دەنگی بولبول بوو
لە شێعری حافزی دە یخوێندەوە بە گۆرانی

حافزی حەقیقی